# ڕۆڵی ئافرەتان لە پێگە هەستیارەکاندا

پێگەو بوونی ئافرەت لە بەشداریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی هەلومەرجە جیاوازەکان و سەردەمە جیاکان ڕۆڵی خۆی هەبووە، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕین، بەشێوەیەکی بەرچاو ژنان لە کاری حزبی و ڕێکخراوەییدا هەنگاوی باشیان ناوە. ئەم تەوژمە بەهێزەی ژن، لە دوادەیەی سەدەی ڕابردوودا وەرچەرخانێکی مێژوویی و زێڕینە، وەکو دەست پێ کردنێکی گرنگ و پڕ لە گوڕ، کە لێکۆڵەران و عەودالانی پرسی ئافرەتان لێی دەڕوانن. بە جۆرێك کە بۆ مێژووی بزاڤی ئافرەتان هەنگاوێکی مەزنە. ئەوەش جێگەی خۆشحاڵییە، هەرچەندە ئەوەی تا ئێستا بەدەست هاتووە، لای ئێمەی ئافرەتان کەمترە لەوەی چاوەڕێمان دەکرد، بەڵام ناشبێت بەبێ قەدر سەیری بکەین.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت تێڕوانینێکی واقیعییانە بۆ بارودۆخەکان بۆ بەشداریی ئافرەتان بەپێی خولەکانی پەرلەمان و سەرکردایەتی حزبەکان و بەشداری لە حکومەتدا بەمجۆرە وەك بەرچاوونییەك دەخەینەڕوو: بەشداریی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا..

-بەشداریی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێنانەدی بەشێکی گرنگی ئامانجی ئافرەتان، چونکە حزبە سیاسییەکان یەکێکن لە گرینکترین دامودەزگاکان بۆ ئەم مەبەستە. چونکە ئەوان خەڵك دەپاڵێون و سیاسەتی وڵات دادەڕێژن، ئێستا لە کوردستان ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەتان لە حزبە سیاسییەکاندا هەن، بەتایبەت لە ئاستی قاعیدیاندا، ئەویش بۆ پاڵپشتیکردنیانە لە چالاکیی سیاسی و لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام تا ئێستا ژمارەی ئافرەتان لە ناوەندی بڕیار و دەستە و سەرکردایەتییەکاندا زۆر نین، ئەمەش لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر دەگۆڕێت، کە ئەمەش لە ئاستی تموحی ئافرەتانی حزبەکاندا نییە. وەک نموونە سەیری ئەم ڕێژانە بکەن:

١-پارتی دیموکراتی کوردستان وەك گەورەترین حزبی کوردستان کە خاوەنی (٣٨) کورسیی پەرلەمانە، لە کۆی (٥١) ئەندامی سەرکردایەتی تەنیا (٦) ئەندامی ئافرەتن، واتە ١٠٪ ئافرەتن و ٩٠٪ پیاون، لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی ١٠٠٪ پیاون و هیچ ئافرەتێکی تێدا نییە، لەسەر ئاستی بەرپرسیاریەتی لە ئۆرگانەکانی حزبدا ١٠٠٪ پیاون .

٢- بزوتنەوەی گۆڕان، ئەندامانی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان ٩٠٪ پیاون کە (٥٧) پیاون و ٥٪ ئافرەتن کە تەنیا (٢) ئافرەت دەکات .

٣- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێژەی ئەندامانی سەرکردایەتی ٧٧٪ -ە کە (٣٠) پیاو هەن ٢٣٪ ئافرەتن کە دەکاتە (٩) ئافرەت. ئەندامانی مەکتەبی سیاسییان ٩٤٪ پیاون کە دەکاتە (١٦) پیاو، ٦٪ ئافرەتن کە دەکاتە (١) ئافرەت .

٤- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: ڕێژەی پیاوان ٧٤٪ -ە کە ژمارەیان دەکاتە (٢٦) پیاو، ئافرەتان ٢٦٪ کە دەکاتە (٩) ئافرەت. ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (١١) کەسە، ٧٣٪ پیاوە کە دەکاتە (٨) کەس، ٧٪ئافرەتە کە دەکاتە (٣) ئافرەت.

٥- کۆمەڵی ئیسلامی: ژمارەی ئافرەتانی لە سەرکردایەتی کۆمەڵدا. ١٠٪ کە دەکاتە (٤) ئافرەت و ٩٠٪ پیاون .

لە مەکتەبی سیاسییاندا ١٠٪ ئافرەتن لە کۆی (٧) پیاو و (١) ئافرەت پێك دێت .

٦- حزبی شیوعی کوردستان: ئەندامانی سەرکردایەتی ٨٧٪ پیاون کە دەکاتە (٢٠) کەس، ١٣٪ ئافرەتن کە ژمارەیان (٣) کەسە .

لە مەکتەبی سیاسییاندا ١٠٠٪ پیاون، هیچ ئافرەتێك نییە، کە لە (٦) کەس پێك دێت .

- بوونی ئەو ژمارە ئافرەتانەی کە لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبەکاندا هەیە، جێگای دڵخۆشی ئافرەتانی کوردستان نییە، چونکە ئافرەتانی کوردستان هەر لە سەردەمی شاخەوە کاریان کردووە، شان بەشانی برا و هاوسەرەکانیان لە سەنگەردا بوون، ئەمە جگە لەوەی سەرپەرشتی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵیان لە ئەستۆ بووە، بۆیە تموحی ئافرەتانی کوردستان لەو ڕێژەیە زیاترە و دەخوازن لە ناوەندی بڕیاری حزبەکاندا بەشداریی زیاتر بکەن و کاریگەریی خۆیان لە پرسە چارەنووسسازەکاندا . هەبێت

- پێگەی ئافرەتان لە ناوەندی بڕیاری ئەنجومەنی جێبەجێکردندا.

- سەرەڕای بەشداریی کارای ئافرەتان لە کاروباری سیاسی و ئیداریی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕێژەی بەشدارییان لە ناوەندەکانی بڕیاری داموودەزگاکانی



حەیات مەجید پەرخی

# بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان

حکومەتدا، بە رادەیەك کەمە کە لەگەڵ رادەی تێکۆشان و بوونی ژمارەی زۆری ئافرەتانی پسپۆڕ و شارەزا لە کۆمەڵدا ناگونجێت. لێرەدا کۆمەڵێك داتا دەخەینەڕوو . بەشداریی ئافرەتان لە کاری پەرلەمانیدا ..

بەشداریکردنی ئافرەتان لە کاری یاسادانانداً تا رادەیەك بەرەوە پێش چوونی باشی بە خۆیەوە بینیوە، ئەم بەرەو پێش چوونەی ئافرەتان لە مەجالی کاری پەرلەمانیدا جێی دڵخۆشییە بۆ ئافرەتانی کوردستان، بەڵام هەوڵ و کۆششی ئافرەتان بەردەوامە بۆ باشتربوونی پێگەی ئافرەتان لە هەموو کایەکاندا، بەو پێیەی پەرلەمانی کوردستان (٢٧) ساڵە دروست بووە. دروستبوونی بەرهەمی خوێنی شەهیدان و شۆڕشگێڕان بووە کە ئافرەتانیش بە بەشێکی گرنگی شۆڕشەکان دادەنرێن.

یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان و دروستبوونی پەرلەمان لە (١٩/٥/١٩٩٢)دابوو، لەو کاتەوە تا ئێستا پەرلەمان چوار خولی بووە و رێژەی بە شداریی ئافرەتانیش بە پێی خولەکان بەمجۆرە بووە:

١-خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٥) لەم خولەدا تەنیا (٩) ئافرەت ئەندامی پەرلەمان بوون لە کۆی (١١١) پەرلەمانتار، (٤) ئافرەت دەوری خۆیان بینیوە لە سەرۆکایەتی لیژنەکاندا.

٢-خولی دووەم لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٩)، لەم خولەدا تەنیا (٢٩) ئافرەت ئەندامی پەرلەمان بوون، (٧) ئافرەت دەوری خۆیان لە سەرۆکایەتی لیژنەکاندا بینیوە.

٣-خولی سێیەم لە ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٣)، لەم خولەدا تەنیا (٤١) ئافرەت ئەندامی پەرلەمان بوون، (١٩) ئافرەت دەوری خۆیان لە سەرۆکایەتی لیژنەکاندا بینیوە.

٤-خولی چوارەم، کە ئێستا هەر لە هەمان خولداین، ژمارەی ئافرەتان (٣٤) ئافرەتن لە سەرۆکایەتی لیژنەکاندا (٢١) ئافرەت دەوریان هەیە و کاری خۆیان دەکەن .

-بە پێی ئەم خولانەی پەرلەمان کە خۆی لە چوار خول دەدات، رێژەی ئافرەتان لە سەرۆکایەتی لیژنەکاندا گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، ئەمە جگە لە رێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان، رێژەکە لە خولی یەکەمدا تەنیا (٩) کەس بووە، بەڵام (٤) کەسیان لە سەرۆکایەتی لیژنەکاندا دەوریان هەبووە. بەراورد بە خولی دووەم (٢٩) ئافرەت بووە و تەنیا(٧) ئافرەت دەوری هەبووە لە سەرۆکایەتییەکاندا، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام وەکو رێژە زۆر کەمتر بووە.

- لە خولی سێیەمدا زۆرترین ئافرەتان لە پەرلەمان بوون کە ژمارەیان(٤١) ئافرەت بووە و (١٩) ئافرەت رۆڵیان هەبووە لە سەرۆکایەتی لیژنەکاندا، ئەم دەورەیە مایەی دڵخۆشی بووە کە بەو رێژەیە بەشدار بوون و دەوریان لە سەرۆکایەتییەکاندا هەبووە، هەرچەندە خولی چوارەم کەمتر بووە لە خولی سێیەم و ژمارەی ئافرەتان(٣٤) بووە، بەڵام لە رۆڵ بینینیان لە سەرۆکایەتیی لیژنەکاندا لە هەموو خولێکی تر زیاتر بووە، هەڵبەتە بەپێی ماددەی (٤٩)ی دەستووری عێراقی، رێژەیان بۆ ئافرەتان داناوە کە(٢٥٪)-ە، بەڵام بەپێی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان ماددەی (٤١) رێژەی (٣٠٪) ئافرەت دەستنیشان کراوە.

لە یاسای هەڵبژاردندا ئەم نسبەیە چەسپێنراوە .

یەکەم: سەرۆکایەتی هەرێم

لە کۆی ئەو پلە تایبەتییانەی لە سەرۆکایەتی هەرێمدا هەیە،(١٨) پیاو و (١) ئافرەت هەیە کە ٤٤،٩٤پیاوە، ٥٥،٥٪ ئافرەتە .

دووەم: حکومەت

لە کۆی (٥٦١) پلەی تایبەتی وەزیفی حکومی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (٤٩٤) پۆست واتا ٠٦،٨٨٪ بۆ پیاو / ٩٤،١١٪ بۆ ئافرەتانە .

- حزبەکان رۆڵی گرنگیان هەیە لە زامنکردنی بەشداریی ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاردا، چونکە هەر ئەوان خەڵك کاندید دەکەن بۆ پلە و پۆستە باڵاکان و سیاسەتی گشتییش دادەڕێژن، هەر بۆیە بەشداریکردنی ئافرەتان لە ناوەندی باڵا و پلە و پۆستەکانیتردا دیاری دەکەن.

- لە ئێستادا ئافرەتانی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیەکی گرنگیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، تاکو لە رێگای ئەو پرۆژەیەوە لە(٣٠٪) کۆتا بۆ ئافرەتان لە سێکتەری حکومیدا دەستەبەر بکرێت. بە دەرچوونی ئەم یاسایە خەرمانێکی تر دەخرێتە سەر مەلۆی خەرمانی رەنج و تێکۆشانی ئافرەتان لە بەشداری راستەقینەی بڕیاردان لە هەرێمی کوردستاندا .

*** بۆ داتاکان سوود لە کتێبی نووسەر(کنێر عەبدوڵا) وەرگیراوە.**



# يارييه فۆلكلۆرييەكان شەوانی رەمەزان گەرمتر دەكات

مانگی رەمەزان تايبەتمەنديی خۆی هەيە و جگە لە خواپەرستی و عيبادەت و رۆژووگرتن، ژمارەيەكی زۆری هاووڵاتيان لە دوای بەربانگ تا پارشێوان خەو لە چاويان دەتۆرێ و زۆربەشيان بە سەردانی شوێنە گشتييەكان و يارييە فۆلكلۆرييەكان خۆيان سەرقاڵ دەكەن. لە هەموو شار و شارۆچكە و گوندەكانيش لە شەوانی مانگی رەمەزاندا چەند شوێنێكی دياريكراو بۆ يارييە كۆن و فۆلكلۆرييەكانی كوردەواری تەرخان دەكەن و بە يارييەكانی وەک سينی سينيانێ و كەڵەمستانێ و كڵاوێن و چەندين ياری ديكەی كۆن و فۆلكلۆر شەوانی رەمەزان بەسەر دەبەن. هەر لەو بارەيەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زانياری زياتر دەخەنەڕوو.

د. حوسێن خان دەلۆ، مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی ئاداب - بەشی مێژوو، لە بارەی یاریی سینی سینیانێ، یان (سینی و زەرف) و یارییە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری دەڵێت: «بەو پێدانگەی تێزی دکتۆراکەم تایبەت بوو بە لیوای سلێمانی و بە باری کۆمەڵایەتیی ئەو لیوایە و لە تێزی دکتۆراکەشمدا ئاماژەم بەو یارییە فۆلکلۆرییانە کردووە، هەرچەندە یاری سینی سینیانێ کەمتر لە سلێمانی دەکرێ و زیاتر لە شارەکانی هەولێر و کەرکووك و خورماتوو لە شەوانی مانگی رەمەزان ئەنجام دەدرێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی خەڵك لە رۆژانی رەمەزاندا جووڵەی کەمترە و شەوانیش کاتی زۆریان لەبەردەستە، بۆیە بۆ کات بەسەربردن و لەگەڵ سەردانی خزم و هاورێیان بە شەو ئەو یارییانە دەکەن، بەتایبەتی یاری سینی سینیانێ کە ئەو یارییە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و، دەتوانم بڵێم مێژووەکەی دیار نییە و زۆربەی یارییەکانیش پشتا و پشت هاتووە.» گوتیشی: «لە کوردستان و لە دەرەوەی شارەکان زیاتر یاری کڵاوکڵاوێنە و نۆرسکێن و سێ رسکێن و بازبازێن و هەلوکێن و....هتد دەکەن، چەند چایخانە و گازینۆیەك لەم شارانە تایبەتمەندن بە یاریی سینی سینیانێ و کەرەستەی یارییەکەش بریتین لە سینییەك و کۆمەڵێ فنجان کە لە مس، یان ئاسن دروستکراوە و لەناویاندا زارێك هەیە، ئەوەی بیدۆزێتەوە، دەچێتە دەستی ئەو بۆ شاردنەوەی، ئەو یارییە بۆخۆی دوو گێمە، ئەگەر لە دوو گێمدا بەرامبەر بوون، گێمی سێیەم دەست پێدەکات، ئەم یارییە تەنیا بۆ کات بەسەربردن و خۆشی و بەهێزکردنی دۆستایەتی و پەیوەندییەکانە و شتێك نییە بچێتە بابی قوماركردن، دیارە مرۆڤیش هەندێك جار پێویستی بەوە هەیە پشووێك بە رۆحی بدات و لە دنیای سیاسەت و جەنجاڵی ژیان دووربکەوێتەوە و زاخاوێك بە مێشکی بدات.

فەرەیدون بێوار، توێژەری کۆمەڵایەتییە و هاوکات وەک کەسێکی شارەزا لە یارییە کۆن و فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری دەڵێت: «یارییە کوردەوارییەکان هەر لە دێرزەمانەوە لەناو کورددا باو بووە و، وێڕای ئەوەی بۆ سەرگەرمی و کات بەسەر بردن پەنایان بۆ بردووە، لەهەمان کاتدا هۆکارێك بووە بۆ پتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵاییەتییەکان و هێورکردنەوەی رۆح لە شەکەتی و ماندووبوونی کاروبارەکانی رۆژ، چونکە زیاتر شەوانە بە دەستەجەمعی لە ماڵان، یان لە شوێنە

**ئەم یارییە تەنیا بۆ کات بەسەربردن و خۆشی و بەهێزکردنی دۆستایەتی و پەیوەندییەکانە و شتێک نییە بچێتە بابی قومارکردن**

**مرۆڤیش هەندێک جار پێویستی بەوە هەیە پشووێک بە رۆحی بدات و لە دنیای سیاسەت و جەنجاڵی ژیان دووربکەوێتەوە و زاخاوێک بە مێشکی بدات**

**جیاواز لەجاران کە لەماڵان ئەنجام دەدرا و هەر شەوەی دەچوونە ماڵێ ئیدی بەدەم یاریکردنی پیاوانەوە، ژنەکانیش باوی و مێوژ و شەوچەرەیان ئامادە دەکرد، ئێستا یارییەکان لەدەرەوە لە پارک و کافتریا و شوێنە گشتییەکان ئەنجام دەدرێن**



گشتییەکانی وەک چایخانەکان یارییەکان ئەنجام دراون، کە زیاتر بریتین لە سینی سینیانێ و کڵاوکڵاوێنە و جۆرەکانی دۆمینەکردن و دامە و.. هتد، هەڵبەت هەر تیرە و ناوچەیەکیش کۆمەڵێك یاریی تایبەت بەخۆیان هەیە.» گوتیشی: «بەهۆی پێشکەوتن و بەرفراوانبوونی شارەکان و لێک دوورکەوتنەوەی خزمان و هاوڕێیان و هەروەها پەیدابوونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و بەتایبەتی لاپتۆپ و مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و یارییە ئەلکترۆنییەکان، ئیدی جێگای یارییە کلاسیك و کوردەوارییەکانی گرتەوەو بەکارهێنەرانی کەم بوونەوە و ئەو گەرموگوڕی و شەونشینییەی جاران کەمتر بووە.» باسی ئەوەشی کرد کە «مانگی رەمەزان دەرفەتێکی گونجاوە و دیسانەوە یارییە کوردەوارییەکان سەرهەڵدەدەنەوەو جەماوەرو بەکارهێنەریان دەبێ، ئەوەش هەم بۆ کات بەسەر بردنەو هەم پێوەندییەکان گەرمتر دەکات، چونکە زۆربەی یارییەکان بە کۆمەڵن و ئەوەش شەونشینییەکان خۆشتر دەکات، بەڵام جیاواز لەجاران کە لەماڵان ئەنجام دەدرا و هەر شەوەی دەچوونە ماڵێ ئیدی بەدەم یاریکردنی پیاوانەوە، ژنەکانیش باوی و مێوژ و شەوچەرەیان ئامادە دەکرد، ئێستا یارییەکان لەدەرەوە لە پارك و کافتریا و شوێنە گشتییەکان ئەنجام دەدرێن، ئەوەش وەك وتم هەم جەوگۆڕینە، هەم کاتبەسەر بردن و هەم کۆبوونەوەی کۆمەڵێك هاوڕێ و دۆست و خزمە لە دەوری یەکتری و تۆخکردنەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و رۆحییەکانە، جاران زیاتر گرەو لەسەر خواردن و خواردنەوە دەکرا، بۆ نموونە ساڵانی کۆن لایەنی دۆڕاو دەبا گیسکێك، یان قەل و کەڵەشێر بکوژێتەوە، بەڵام ئێستا زیاتر لەسەر پارەیە، هەشە بەس بۆ خۆشییە و گرەوی تێدا نییە.

عیماد رەفعەت، رۆژنامەنووسە و وەک شارەزایەک لە یاری سینی سینیانێ هێما بۆ ئەوە دەکات کە «سینی سینیانێ یارییەکی کۆنی هەولێرییەکانە و تەنانەت لەسەردەمی سوڵتان مزەفەریش ئەنجامدراوە، دواتر لە شارەکانی دیکەی کوردستان و هەموو عێراق بڵاوبۆتەوە، مەبەستیش تێیدا لەیەك نزیکبوونەوەی چین و توێژەکان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش بووە.» گوتیشی: «ئەو یارییە لە هەولێر وەکو کەلتوورێکی لێهاتووە و ساڵانە لە مانگی پیرۆزی رەمەزان یارییەکان زیندوو دەکرێنەوە، وەك چۆن ساڵانە یادی مەولوودی پێغەمبەر (د خ) دەکرێتەوە و هەولێرییەکان بەو یادکردنەوەیە ناوبانگیان دەرکردووە، شەوانە پاش نوێژی تەراویح پیاوەکان لە شوێنێك کۆدەبنەوە، چەند گرووپ و تیپێك دروست دەکەن، خۆشی یارییەکە لەوەدایە هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدار دەبن، بە تایبەت چینی کاسبکاران و پیشەوەران لە قەساب و دارتاش و سەرتاش و.. هتد، لە کۆتایی یارییەکەدا تیپێك دەیباتەوە، ئەوەشی کە پێشتر لەسەری رێك کەوتوون، دەبێت تیپە دۆڕاوەکە دابینی بکات، تەنانەت لە لادێکانیش لە شەوانی رەمەزان لە دیوەخانەکان ئەو یارییە و زۆر یاریی کۆنی دیکە وەک کەرەمستانێ و کڵاو کڵاوێنە بۆ کات بەسەربردن دەکرێت و چێژی لێ دەبینن.»

ئاری نانەکەلی، وەک هاووڵاتییەکی بەشدار لە یارییە فۆلکلۆرییەکان دەڵێت: «یاریی سنی سنیانێ یارییەکی میللییە و لە کۆنەوە لە شاری هەولێر و کەرکووك و پردێ و گوندەکانیش بەتایبەتی لە شەوانی مانگی رەمەزانی پیرۆز ئەو یارییە دەکرێ. واتە هەر لەگەڵ هاتنی مانگی رەمەزان تیپەکانی تایبەت بە یاری سنی سنیانێ خۆیان ئامادە دەکەن، لە شەوانی رەمەزان تا پارشێو یاری دەکەن، لە زۆربەی شوێنە گشتییەکانیش ئەو یارییە بەڕێوەدەچێت، لە هەندێك شوێنیش یارییەکە بەشێوەی کردنەوەی خول لە نێوان چەندین تیپی ناوشار، واتە گەڕەکەکان بەڕێوە دەچێت، لە هەندێك شوێنیش تیپی شارەکان بەشدار دەبن و یارییەکە بەردەوام دەبێت، لە ئەنجامدا دوو تیپ لە کۆتایی مانگی رەمەزان بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر بەدەم قسەی خۆش و گێڕانەوەی سەربوردە و بە سەرهات و گوتنی بەستە و حەیران و لاوك و گورانی یاری کۆتایی دەکەن و بە شێوەی ئاهەنگ مەراسیمەکە دەڕازێننەوە. ئەمەش بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و زیندووکردنەوەی ئەو یارییە میللییەیە، بەشداربووان و یاریکەرەکانیش زۆر دڵخوش دەکات. لە ئێستاشدا ئەو یارییە لە زۆر شوێن ئەنجام دەدرێت، گەنج و لاوانیش بەشدارن، ئیمەش سەردانیان دەکەین و هەندێك جار یاریشیان لەگەڵ دەکەین، ئەو جۆرە یارییە شارەزایی لە رێکخستنی جۆری یارییەکە و کردنەوەی خول و یاریزانی تەواو شارەزای دەوێت.» گوتیشی: «لە هەولێر یاریزانی زۆر شارەزا هەن کە هەم لە شاردنەوە و هەم لە هەڵهێنان پسپۆڕیی تەواویان هەیە، جار جارە تیپەکانی هەولێر دەچنە کەرکووك و پردێ بەشداری یارییەکان دەکەن، هەروەها تیپەکانی ئەو شارانەش دێنە هەولێر و میوانداری دەکرێن، بردنەوەش لەسەر کاس و میدالیا و هەندێك جاریش لەسەر شیرینی و میوانداری و خواردنی پارشێوە.»

**ساڵانی کۆن لایەنی دۆڕاو دەبا گیسکێک، یان قەل و کەڵەشێر بکوژێتەوە، بەڵام ئێستا زیاتر لەسەر پارەیە، هەشە بەس بۆ خۆشییە و گرەوی تێدا نییە**

**سینی سینیانێ یارییەکی کۆنی هەولێرییەکانە و تەنانەت لەسەردەمی سوڵتان مزەفەریش ئەنجامدراوە، دواتر لە شارەکانی دیکەی کوردستان و هەموو عێراق بڵاوبۆتەوە، مەبەستیش تێیدا لەیەک نزیکبوونەوەی چین و توێژەکان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش بووە**

**شەوانە پاش نوێژی تەراویح پیاوەکان لە شوێنێک کۆدەبنەوە، چەند گرووپ و تیپێک دروست دەکەن، خۆشی یارییەکە لەوەدایە هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدار دەبن، بە تایبەت چینی کاسبکاران و پیشەوەران لە قەساب و دارتاش و سەرتاش و.. هتد**

# هاووڵاتییان لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەپێچنەوە

بەپێی ئامارێکی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو ٤٤١٠ ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداوە و بە هۆیەوە ٦٨٩ کەس گیانیان لەدەست داوەو ٧٢٤٩ کەسیش بریندار بوون. ئامارەکانی ئەمساڵیش لە کۆتایی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بڵاو دەکەنەوە. بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە کوردستان هاووڵاتییانی نیگەران کردووە، سەبارەت بە هۆکارەکانیشی جگە لەوەی پابەندنەبوونی شۆفیران بە یاسا و ڕێساکانی هاتوچۆ، بە هۆکاری سەرکی دەزانن، هاوکات کەمکاریی حکومەت و کەمتەرخەمیی دامودەزگاکانی پەیوەندیدار و کوالێتیی ڕێگەوبانەکان و کەمبوونی هێماکانی هاتوچۆ بە هۆکارێکی دیکە دەزانن، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە دروستکردنی مێترۆ و ڕێگەی ئاسن بۆ شەمەندەفەڕ و ڕێگری لە دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفیری بە واسیتە و لە ڕێگەی نایاسایی، ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ کەمتر دەکات.



**ڕێگەوبان و جادەکان زۆربەیان باریکن و نۆژەن نەکردنەوەیان بووەتە هۆکاری زۆربوونی ڕووداوەکان، قەیرانی ئابووریش دەستی حکومەتی لە ئەنجامدانی پرۆژەکانیدا بەستووە**

**پێشتریش ڕووداوەکانی هاتوچۆ ڕووی داوە، بەڵام ئێستا بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕووداوەکان زۆرتر بڵاو دەبنەوە و خەڵک وا هەست دەکات ڕووداوەکان ڕوو لە زیادبوونە**

خوناو عوسمان، چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «هۆکارگەلێکی زۆر هەن بۆ زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش بۆ ڕووداوەکانی پێکدادان کە لە زۆربەی شۆفیران بەدی دەکرێت، پابەند نەبوونە بە یاسا و ڕێساکانی هاتوچۆ، کە ئەوەش پەیوەستە بە ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی تاک، کەمکاریی حکومەت و کەمتەرخەمیی دامودەزگاکانی پەیوەندیدار بە ڕێگەوبانیش هۆکارێکی دیکەن، بەتایبەتی کە زۆربەی جادەکان یەک سایتی و باریکن، هەروەها نەبوونی هێماکانی هاتوچۆ لە بەشێکی ڕێگەکانی دەرەوەی شارەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی شۆفیران و هەروەها نەبوونی مێترۆ و ڕێگەی ئاسن بۆ شەمەندەفەر هەموو ئەوانە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆن.» گوتیشی: «پێدانی مۆڵەتی شۆفیری زۆر ئاسان بووە و دەرهێنانی ئەو مۆڵەتە لە کوردستان و لە عێراق بەگشتی بە سیستمێکی ڕووکەشییانەدا تێدەپەڕێت.» ئەو خاتوونە ڕایوایە: «پێویستە حکومەت کاری جددی بکات بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، هەتا میکانیزمی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆ نموونە پێداچوونەوە بە هاوردەکردنی بەشاڵاوی ئۆتۆمبێل و جیاکردنەوەی ڕێگەی تایبەت بە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان لە ناو شار و لە دەرەوەی شارەکان کە گرفتێکی زۆری هاتوچۆ چارەسەر دەکات.»

ڕاگەیاندنکار هۆشمەند چەکوانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ڕووداوەکانی هاتوچۆ هۆکاری چەند لایەنەی هەیە. یەکێک لەو هۆکارانە نزمیی کوالێتی ئۆتۆمبێلەکانە. ئێوە دەزانن ساڵانە چەندین ئۆتۆمبێلی براوە، وێران و زەربەخواردوو هاوردەی کوردستان دەکرێت، بەتایبەتی لە وڵاتی (دوبەی)یەوە؟! مەبەستم ئەو سەیارانەیە کە دەستی دوون. ئەوانەشی کە بە نوێیی هاوردە دەکرێن، حاڵیان لەوان باشتر نییە و پلێتی تەنک و پێکهاتەی لاوازی میکانیکی هەیە و مەرجی سەلامەتییان لە ئاستێکی زۆر خراپدایە. حکومەتیش تەنها قازانج و بەشەگومرگی خۆی بەلاوە گرنگە، نەک گیانی خەڵکەکەی، چونکە بازرگانی ئۆتۆمبێلیش وەک بازرگانی دەرمان و چەندین شتی دیکە، قۆرخ و مۆنۆپۆل کراوە.» گوتیشی: «پابەند نەبوون بە ئەخلاقی شوفێری و یاساکانەوە هۆکارێکی دیکەیە کە بە ڕاستی وای لێهاتووە شوفێریکردنیش وەک زۆرینەی شتەکانی وڵاتی ئێمە سەقەت بووە. کەمیی سزای سەرپێچییەکان و لاوازیی ڕۆڵی دادگا لە یەکلاکردنەوەی کەیسی ڕووداوەکان هۆکاری دیکەی زۆربوونی ڕووداوەکان و قوربانییەکانن. ئاخر چ ڕەوای هەقە مێرمنداڵێك بە سەیارەی باوکیەوە، بەبێ بوونی مۆڵەت بێتە ناو شەقامەکان و خەڵك بکوژێت، کەچی دواتر بەچەند دەفتەر دۆلارێك سوڵح بکەن؟ کاتێکیش ئەو کەیسانە دەگەنە دادگاکان، ئەوا لەبەر واسیتە و تەلەفۆنی زۆری بەرپرسان، دادوەر ناچار دەبێت بە تەوقیفکردنێکی چەند ڕۆژی، کەسی تۆمەتبار بەر بدات. خراپی و یەکسایدی زۆرینەی شەقامەکان و ڕێگەی نێوان شار و شارۆچکەکانیش کە هەندێکیان بە ڕێگەی مەرگ ناسراون، هۆکارێکی سەرەکیی ڕووداوەکانە و بەداخەوە لەوەشیاندا لایەنی پەیوەندیدار هەتا خوا دەڵێ بەسە، کەمتەرخەمن.»

هونەر شێخ لەنگەری، یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییە کە ڕایان وایە: «ئاسان پێدانی مۆڵەت، پابەند نەبوونی شۆفێران بە یاساکانی هاتوچۆ، سووکبوونی سزاکان، جێبەجێ نەکردنی یاساکان بە دادپەروەری و خراپیی ڕێگەوبان بەگشتی لە هۆکارەکانی زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆن.» هاوکات دەڵێت: «بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی



ئەو کارەساتانە پێویستە زیاتر گرنگی بە رۆشنبیریی شۆفێران لەسەر یاساکان بدرێت، سزای سەرپێچیکاران قورستر بکرێت، بەتایبەتی ئەو مێرمندالانە و هەموو ئەوانەی کە بە بێ مۆڵەتی شۆفیری ئۆتۆمبێل لێدەخورن، هەروەها زۆر پێویستە کاری بەپەلە بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی رێگە سەرەکییەکان بکرێت.»

تویژەری کۆمەلایەتی ئالان لەشکری، لە روانگەیەکی دیکەوە باسی رووداوەکانی هاوتوچۆ دەکات و مانگی رەمەزان بە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت: «لە هەموو وڵاتێکدا یاساکانی هاتوچۆ دانراون، پابەندنەبوونیش بە رێنماییەکانی یاسای هاتوچۆ رووداوی نەخوازراوی لێکەوتووەتەوە. حکومەتی هەموو وڵاتان گرنگیی تەواویان بە کوالێتی و بەرینکردنی شەقام و رێگەکانی ناو شار و دەرەوەی شارەکان داوە، سزای زۆر توندیشیان بۆ سەرپێچیکاران داناوە، بەداخەوە ئەوانە هێشتا لە کوردستانی خۆمان جێگیر نەکراون. بەڵام ئەوە زۆر جێی سەرسوڕمانە کە لە وڵاتانی ئیسلامی و لە مانگی رەمەزان رووداوەکانی هاتوچۆ زیاتر دەبن. خوای گەورە مانگی رەمەزانی بۆ هێوربوونەوە و ئارامیی دڵ و عیبادەت و رێزگرتن لە یەکتری داناوە، کەچی زۆر شۆفێری رووژووان هەن، سواری ئەعسابیان دەبن و بە خێرایی ئۆتۆمبێل لێ دەخورن و بە هەڵچوون و تووڕەییەوە مامەڵە لە گەڵ دوروبەریان دەکەن. نازانن بەوە خوا و هاووڵاتیش لە خۆیان دەڕەنجێنن.»

محەمەد شەهی، کارمەندە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ئاکرێ هۆکاری زۆربوونی رووداوەکانی هاوتوچۆ زیاتر دەگەڕێنێتەوە بۆ پشتگوێخستنی رێنماییەنکانی هاوتوچۆ لە لایەن شۆفیران و نادیدەگرتنی هێماکانی هاوتوچۆ، لە لایەکی دیکەوە پەنجە لە سەر خراپیی رێگەوبان و جادەکان دادەنێت و دەڵێت: «بەداخەوە رێگەوبان و جادەکان زۆربەیان باریکن و نۆژەن نەکردنەوەیان بووەتە هۆکاری زۆربوونی رووداوەکان، قەیرانی ئابووریش دەستی حکومەتی لە ئەنجامدانی پڕۆژەکانیدا بەستووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی کۆن و کوالێتیی نزم هاوردەی کوردستان کراون، کە مەرجەکانی دڵنیایی و سەلامەتییان تێدا نەبووە، کە بازرگانیی ناڕەوای لەو جۆرەش دەتوانین بڵێین جۆرێکە لە تیرۆری سپی، چونکە گیانی هەزاران هاووڵاتی دەخاتە مەترسییەوە.» گوتیشی: «بێگومان رووداوەکانی هاتووچۆ بە گەورەترین و ترسناکترین هەڕەشە دادەندرێن بۆ سەر کۆمەڵگە، لە هەرێمی کوردستانیش بەداخەوە رۆژانە مرۆڤەکان لە شەقام و جادەکان غەرقی خوێن دەبن.»

رائید فازڵ حاجی حوسێن، وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، گوتی: «ناکرێ بگوترێ رووداوەکانی هاتوچۆ زیادی کردووە، چونکە هەم ئاماری ئەمساڵ بڵاو نەکراوەتەوە، هەمیش ماوەی چەند ساڵێکە ئامارەکان وەکو خۆیەتی، واتا لە ئاستێك وەستاوە و زیادی نەکردووە، هاوکات ئێمە هەر شەش مانگ جارێك ئامارەکانی رووداوەکانی هاتوچۆ بڵاو دەکەینەوە.» گوتیشی: «پێشتریش رووداوەکانی هاتوچۆ هەر رووی داوە، بەڵام ئێستا بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رووداوەکان زۆرتر بڵاو دەبنەوە و خەڵك وا هەست دەکات رووداوەکان روو لە زیادبوونە، بەڵام وا نییە و ئەگەر ئامارەکانی شاری هەولێر تەماشا بکەین، دەبینین چوار پێنج ساڵە وەکو خۆیەتی، دیارە راگرتنی رووداوەکان لە ئاستێك دەلالەت لەوە دەکات کە کارمان لەسەری کردووە، پاشان مانگانە پێنج تا شەش هەزار ئۆتۆمبێل دێتە ناو کوردستان، لە بەرامبەریشدا شەقامەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئێمە لە ناو شار ترافیك و تەقاتوعاتمان کەم کردۆتەوە، ئەوانە هەموو کاریگەری هەبووە، وەکو پلانی پۆلیسی هاتوچۆ کار لەسەر ئۆتۆمبێل و رێگا و بان دەکرێت، بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا رێگەوبانەکان چاك نەکراونەتەوە و چاککردنەوەی لەم بارودۆخەدا لە دەرەوەی ئیرادەی حکومەتە، رێگەی هەولێر _کۆیە بە رێگەی مەرگ ناسراوە، بەڵام لە ئێستادا ناتوانن بیکەینە دووسایدی، هاوکات بە هۆی قەیرانی ئابووری بەشێکی پڕۆژەکانی دیکەی رێگە و بان بە نیوەچڵی ماونەتەوە و تەواو نەکراون.» ئەوەشی خستەڕوو کە ئامارەکانی رووداوی هاتوچۆ لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا لە کۆتایی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ بڵاو دەکەنەوە، بەڵام وەک باسیکرد لە پێنج مانگی رابردوو لە سنووری پارێزگای هەولێر ٤٥٧ رووداوی هاتوچۆ رووی داوە کە ٤٤١ کەس بریندار بوون ٧٥ کەسیش گیانیان لەدەست داوە.»

بەپێی ئاماری پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، ساڵی رابردوو ٤٤١٠ رووداوی هاتوچۆ روویداوە و بە هۆیەوە ٦٨٩ کەس گیانیان لەدەست داوەو ٧٢٤٩ کەسیش بریندار بوون، هەر بەپێی هەمان ئامار، ئێستا لە هەرێمی کوردستان ملیۆنێك و ٤٦٩ هەزارو ٨٨٧ ئۆتۆمبێل هەیە و تەنیا لە ساڵی رابردوو ٦٩ هەزار و ٩٧ کەس مۆڵەتی شۆفێریيان وەرگرتووە.

**رێگەی هەولێر _ کۆیە بە رێگەی مەرگ ناسراوە، بەڵام لە ئێستادا ناتوانن بیکەینە دووسایدی، هاوکات بە هۆی قەیرانی ئابووری بەشێکی پڕۆژەکانی دیکەی رێگە و بان بە نیوەچڵی ماونەتەوە و تەواو نەکراون**

**لە پێنج مانگی رابردوو لە سنووری پارێزگای هەولێر ٤٥٧ رووداوی هاتوچۆ رووی داوە کە ٤٤١ کەس بریندار بوون ٧٥ کەسیش گیانیان لەدەست داوە**

**ساڵی رابردوو ٤٤١٠ رووداوی هاتوچۆ روویداوە و بە هۆیەوە ٦٨٩ کەس گیانیان لەدەست داوەو ٧٢٤٩ کەسیش بریندار بوون**